

سالار ئیسماعیل سەمین

# داڕشتن و تەکنیک
## لە دوو چیرۆکدا





## منم مامە خڕە.. تەکنیک و ناوەڕۆک

## هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە

چیرۆکی هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو دەقە چیرۆکانەی کە لە پێشبڕکێی دوانزەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٨دا بەشداری کردووە و خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی بەدەست هێناوە. لە لایەن چیرۆکنووس سەمەد ئەحمەد و خوشکی شاعیر و چیرۆکنووس مەهاباد قەرەداغییەوە نووسراوە. واتا چیرۆکی هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە بە هەماهەنگی و هاوکاری ئەو دوو نووسەرەوە لەدایک بووە.

## ئاست و شێوازی داڕشتن لەم چیرۆکەدا

لەم چیرۆکەدا، وەک سەرەتا چیرۆکنووس. پاڵەوانەکەی دەدوێنێ. پاڵەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە هەتاوی هاوسەری بۆ یەکەمجار ئەم کتێبەی پێشکێش دەکا پاش چاپکردنی. بەڵام کتێبەکانی تری پێش چاپکردن پێشکێش کردووە. بۆ ئەوەی پێکەوە چیرۆکەکان بەباشی هەڵسەنگێنین. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە پاڵەوان بەسەرسامییەکەوە دەچێتەلای خێزانەکەی و دەڵێ:

"تۆ دەزانی لە نێو هەر وشەیەک و هێمایەکدا باس لە بوونی من دەکەی. وا هەست دەکەم تۆ هەست و نهێنییەکانی نەستی من دەخوێنیتەوە".

لێرەدا پاڵەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە ئەمەندە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە یەکتر نزیک دەبنەوە. زۆر جار بەزمانی روح پێکەوە دەدوێن. لە ئەنجامدا وای لێ دێ "شانتی" کچیانیش هەمان رێباز دەگرێتە بەر. پاش ئەوەی پاڵەوان وەک باوک. شانتی و هەتاوی هاوسەری دەخاتە رێ بۆ "ستۆکهۆڵم". ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سەفەرەکەی ئەوان یەک مانگییە. بەڵام ئەو لە دوو هەفتە زیاتر توانای دوورکەوتنەوەی ئەوانی نییە. ئەو کاتەی دەیانخاتە رێ هەرسێکیان زۆر لە یەکتر دەڕوانن و زۆر بەباشی ناخی یەکتر دەخوێننەوە، بەدوا ماچی ژوانێکی ئەبەدی یەکتر بەجێ دێڵن.

هەتاکو ئێرە کە پتر لە دوو لاپەڕەیە تەنها پاڵەوان دەدوێ. پاشان بەتەلەفۆن. وەڵام و پرسیار و دیالۆگێک دەکەوێتە نێوان پاڵەوان و هاوسەرەکەی و شانتی کچیەوە. تەماشاکە لێرەدا لە وەڵامی یەکەم تەلەفۆندا هەتاو دەڵێ:-

- ئەوە تەنها یەک چرکەیە لە "ستۆکهۆڵم" دابەزین ئەو شارەی کە تۆ دەتگوت شاری "خوایە". هەڵگورد هەست دەکەم ئەم شارە نهێنی روحی منی تێدایە.

– هەتاو بەڕاستی ئەم شوێنە پاک و چاک و ڕێکوپێکە شاری خوایە.

دواجاریش ئاماژە بۆ "کوردستان" دەکەن کە نهێنییەکانی روحیانی تێدایە. دەڵێ:–

"هەڵگورد" تۆ بۆ ئەوەندە بە کەرکووکەوە پێوەستی.. ؟ بۆ ئەوەندە حەز دەکەی لە ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕەوە نزیک بیتەوە. بۆ ئەوەندە حەز لە گڕی ئاگر دەکەیت. وا دیارە بەشێ لە ژیانت لەگەڵ زەردەشتدا گوزەراندووە. دەتەوێ پەیامەکەی زەردەشت راگەیەنی. کە ئاماژە بۆ بیری باش و وتەی باش و کرداری باش دەکا

– تۆ پیاوێکی لە ئاوریشم.

– تۆیش ژنێکی لە تیشک.

لە تەلەفۆنی دووهەمدا هەتاو ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە دوور لە ناوچە عەرەب و تورکمانەکان. ژیانی خۆی بەسەر ببا. لە دوا تەلەفۆندا پاڵەوان لەگەڵ شانتیدا دەدوێ. دەڵێ: "زۆر پێخۆشحاڵم کە شڵپەشڵپی ئاوی مەلەوانکردنەکەی شانتی لە تەلەفۆنەکەدا دەبیستم".

لەم پراگرافانەدا کە لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکدایە. چیرۆکنووس بەشێوەیەکی سەرنج راکێشەرانە. پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەدوێنێ. دەربارەی ئەو دوو کارەکتەرە سەرەکییەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا کار دەکەن.

لەچمکێکی تری ئەم چیرۆکەدا. چیرۆکنووس "هەتاوی" خێزانی پاڵەوان دەدوێنێ. کە مێردەکەی کەرکووکی زۆر خۆش دەوێ. بەتایبەتی "بابەگوڕگوڕ". ئاماژە بۆ هەڵگوردی مێردی دەکا کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە دەڵێ:

"وادیارە تۆ لەگەڵ زەردەشتدا برادەرییەکی بەتینتان هەبووە. بۆ ئەوە ئاگرت خۆش دەوێ"

لێرەدا بەشێوەیەکی زیرەکانە چیرۆکنووس توانیویەتی تەوزیفی بیروباوەڕ و مەزهەب و ئاینی کۆنی خۆی بکا لەچمکێکی چیرۆکەکەیدا. ئاماژەکردن و تەوزیفکردنی. کەلەپوورو. کولتوورو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئەفسانەی میللەتان. لە دەقی ئەدەبی و مێژوییدا. بەتایبەت لە چیرۆک و رۆماندا. کە نووسەرە بێگانەکانی و عەرەبەکانیش بەکاری دێنن. دەبێتە هۆی تۆکمەبوونی دەق و سەرنج راکێشەری خوێنەران.

لە تەوەرێکی تری چیرۆکەکەدا. پاڵەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا. کە سەفەرەکەی هەتاو و شانتی گەیشتە دوو هەفتە. بەتەواوی بیریان دەکاو هەردەم لە بەرچاویدان. لەو

بیرکردنەوەدا هەستی دەکرد سەعاتی سفری نەمانی نزیک بووەتەوە. یەکسەر ئەو رۆژەی کەوتەوە یاد کە شانتی لەدایک دەبێ. بەتایبەت ئەو چرکەساتەی کەوتەوە یاد کە هەتاو بەدەم ژانێکی کوشندەی مناڵبوونەوە. لوولی دەخواردو دەیزیراند. زۆر باش دەمزانی لەو کاتانەدا، ئەشکەنجەی رۆژانی زیندانی بیر دەکەوتەوە. زۆر لەسەر خۆ دەیگوت:

– هەڵگورد. من دەمرم ئیتر هیچ بەرگە ناگرم.

– قسەی وا مەکە. تۆ هەرگیز نامری.

– ناتوانم ژانەکەم زۆر سەختە.

– هەتاو ئەم ژانە پیرۆزە. هەر ئێستاکە مناڵێکمان دەبێ. خۆت ناوی بنێ. ناوی بنێین چی.. ؟

– شاکار

زۆری پێ نەچوو. پەرستارەکە. هەر لەوێدا. شاکار و هاورێکەی دایە دەستمەوە و وتی:

– ئەم مناڵە لە "شانتی"ی کچی من دەچێ

لەوێدا یەکسەر ناوی شاکارمان گۆڕی بە شانتی.

لێرەدا چیرۆکنووس "هەڵگورد"ی پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەدوێنێ. پاڵەوانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە هەتاوی هاوسەری. پێش مناڵبوون و پێش ئەوەی ببێ بەخێزانی ئەو لە یەکێ لە گرتووخانەکاندا. توشی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر بووە. ئەم حاڵەتەش خۆی لە خۆیدا وێنەیەکە وەسف و گوزارش لە رابردووی هەتاوی هاوسەری دەکا.

لە بەشێکی چیرۆکەکەدا ئەمجارە پاڵەوان بەمەنەلۆگی ناخەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ:

– "ئەو رۆژە کە لە رۆژنامەکەدا کارم دەکرد. زەنگی خەبەردان بێزاری کردم. دەیگوت دوو هەفتەکە تەنیا دوو رۆژی ماوە" هەر ئەوکاتە لە ژوورەکەی سەرنووسەردا بووم. کاک "شوان" چەند وێنەیەکی گرتم. وتم بۆ ئەوەندە وێنەم دەگری. بۆ ئەوەی لە رۆژی ماتەمینییەکەمدا. لە رۆژنامەکاندا بڵاوی کەیتەوە سەرنووسەر بێزاربوو لە جگەرەکێشانم. کاتێک جگەرەکەم لە تەپڵەکەکەدا کوژاندەوە. لەگەڵ کوژاندنەوەی جگەرەکەدا. زەنگی خەبەردان و دەنگی تەقینەوەکە ئامێتەی یەکتر بوون.

دەنگی تەقینەوەکە لە دەنگی تەقینەوەکەی "بیگ بانگ" دەچوو. لەم برگەیەدا چیرۆکنووس بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە ئیستاتیک پاڵەوانی چیرۆکەکەی کە هەڵگوردە خۆی لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێنێ. تەقینەوەکە دەشوبهێنێت بە تەقینەوەکەی بیگ بانگ. لێرەشدا

دەتوانین ئەو جۆرە حاڵەتەی پاڵەوانیش بخەینە قاڵبی مەنەلۆگی ناخەوە. زۆر جاریش ئەم حاڵەتە لە نێوان کارەکتەرەکانی رۆمان و چیرۆکدا روودەدا.

لە چمک و تەوەرێکی تری چیرۆکی "هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە" چیرۆکنووس بە لێزانی مامەڵە لەگەڵ رووداوی واقعی و ناواقعی کارەساتەکە دەکا. تەماشاکە ئەمجار پاڵەوان پاش تەقینەوەکە گیانی خۆی وەک "جەستە" لە دەست دەدا. بەڵام بەشێوەیەکی پڕ لە "فەنتازیا" واقعێک دروست دەکا. کە دوورە لە واقعەوە. بەتایبەت ئەو کاتەی کە روحی هەڵدەکێشرێ بەرەو ئاسمان و لەسەری سەرەوە ئەو مەیتانەی کە هەریەکەیان لە لایەکەوە کەوتوونە و ئەو شەقامە پڕ لە خوێنە و. دواجاریش لە مەیتخانەی نەخۆشخانەکەدا. تەماشای مردووەکانی راست و چەپی خۆی دەکا. وەک لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کرد پاڵەوان وەک گیان. گیانی لە دەست داوە. بەڵام روحی زیندووی پاڵەوانەکە ئەو رووداوە دڵتەزێنانە تۆمار دەکا. ئەم حاڵەتەش دەچێتە خانەی خەیاڵبازی و فەنتازیاوە. لە دارشتنی چیرۆکی ئەمرۆدا. جارێکی تر روحی پاڵەوانەکەی "سەمەد ئەحمەد و مەهاباد قەرەداغی" کە هەڵگوردە. بەسەر ئاسمانی رووداوەکەوە ئامادە دەبێ. بەتایبەت ئەو کاتەی کە تەرمەکەی دەخەنە تابوتێکەوە و بەرەو گۆڕستان دەیبەن. یەک یەک دروشمی سەر دیوارەکان دەخوێنێتەوە. زۆر بەباشی خوشک و برا و خوشکەزاکانی دەبینێ دەگرین و فوغان دەکەن. دواجار تەرمەکەی دەگاتە گۆڕستان و دەینێژن دەڵێ:

– زۆر هەستم بە ئارامی کرد. کە لە کەرکووک نێژرام.

زۆر پێخۆشحاڵبووم تەڵقینەکەیان بۆ خوێندمەوە و فاتیحایان بۆ دام.

تەماشاکە لە سەرەتادا پاڵەوان چەندی پێ خۆشە ئەورووپای بەجێ هێڵا. بۆ ئەوەی رۆژانی تەمەنی داهاتووی لە کەرکووک بژی. ئەم حاڵەتەشی گوزارش لە پلە بەرزی، نیشتمان پەروەری پاڵەوان دەکا.

جارێکی تر پاڵەوان دێتە دووان و دەڵێ:

لەگەڵ تەواوبوونی مەراسیمی بە خاک سپاردنم. یەکسەر لە شەقەقەی باڵم دا بەرەو "ستۆکهۆڵم": بۆ بینینی هەتاوی هاوسەرم و شانتی کچم. هەتاو لە ژوورەکەی خۆیدا بوو. شانتیش لە ژوورەکەی خۆیدا تەماشای فلیمی کارتۆنی دەکرد. ئەو کاتەی زەنگی تەلەفۆنەکەی هەتاو لێیدا. تەماشام دەکرد. من ئەوم دەبینی ئەو منی نەدەبینی. یەکسەر هەواڵی تەقینەوەکەیان پێ راگەیاند. زۆر پەشۆکا. ئاگاداریان کردەوە. کە هەڵگورد کوژراوە. یەکسەر بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان"

له دارشتنی ئەم دوو برگەیەدا له چیرۆکی "هەڵفرین له ئاتەشکەوە" چیرۆکەکە شێوازی خەبەری دەگرێتە خۆ. خەبەرەکەش مردنی هەڵگوردە. هەرچەندێکیش شێوەی خەبەرەکە، روحی هەڵگوردە قسان دەکا. ئەم جۆرە تەکنیکەش. کە روحی مردوو دێنێتە دووان و گێرانەوە. دەچێتە قاڵبی سەنعەتی فەنتازیاوە. ئەگینا هیچ کاتێک مردوو پاش مردن نایەتە دووان و ئاخاوتن.

دوابەشی چیرۆکەکە بە دیالۆکێکی سەرنجراکێشەر کۆتایی دێ. لە نێوان هەتاو و شانتی کچیدا.

- شانتی. گیان تۆ دەزانی مرۆڤ کە مرد. روحەکەی بەزندوویەتی دەچێ بە ئاسمانا.

- ئەمە دەزانم مامۆستاکەشمان لە باخچەی منالان وای پێ وتووین.

- ئافەرین واتا ئێستا دەزانی. مردن چییە.. ؟ شانتی گیان لەمەودوا من و تۆیش بمانەوێ بابە ببینین تەماشای ئاسمان دەکەین.

- بۆ.. ؟.. دایە.. بۆ باوکم مردووە..!!!

- بەڵێ ئەمرۆ لە کەرکووکدا. خۆکوژێک. لە نێو لۆرییەکدا خۆی تەقاندووەتەوە. بابت و چەند کەسێکی تر کوژراون. لێرەدا پاڵەوان دەبێتە گێرەرەوەیەک بۆ ئەنجامدانی ئەو دیالۆگە. سەرنجراکێشەی نێوان هەتاو و شانتی، دەبێ ئەوەش بزانین کە دیالۆکیش وەکو هێما و سمبول و مەنەلۆگ دەبنە ئامرازێک بۆ دارشتنی چیرۆک.

لە کۆتاییدا پاڵەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا. کە چۆن شانتی تەماشای بۆشاییەکانی نێو ژوورەکە دەکا. بۆ بینینی باوکی و دواجاریش خەو هەرەسی بۆ دێنێ. هەتاویش چاوەکانی لەیەک دەناو روحی پاڵەوانیش دەگەرێتەوە بۆ کەرکووک. بۆیە باباگورگور لەو ئەتاشگەیە دەچێ کە یەکەمین پەرستگای روحی بووە.

## ئاستی تەکنیک و چەند بۆچوونێک

پاش خوێندنەوەی ئەم دەقە واتا چیرۆکی "هەڵفرین لە ئاتەشگەوە" چەند جارێک و بە تێرو تەسەلی. چەند بۆچوونێک لە نێو شانەکانی مێشکمدا گەلاڵە و بەرجەستە بوون. دەربارەی تەکنیک و زمانەوانی و ناوەرۆک

شوێن و کات ؛دوو مەرجی پێویست و دوو فاکتەری سەرەکین لە بنیاتنانی چیرۆکدا. هەرچەندێک زۆر جار. شوێن و کات بەزەقی بەرچاو ناکەون لە چیرۆکدا. بەڵام خوێنەری بە سەلیقە دەتوانێ. لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا. لە کەش و هەوا و ناوەرۆکی چیرۆکەکە.

دەستنیشانی شوێن و کاتی لە دایکبوونی چیرۆکەکە بکا. هەر بۆ نموونە لە چیرۆکی "منم مامە خرە"ی بەکر دەروێش کە خەڵاتی سێیەمی بەدەست هێنا. بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ شوێن و کات نەکردووە. بەڵام خوێنەر یاخۆ رەخنەگر. پاش ئەوەی ناوەرۆکی چیرۆکەکە بەلایەوە هەزم دەبێ. هەست بەشوێن و کاتێکی شاراوە دەکا لە چیرۆکەکەدا.

شوێن و کات لە چیرۆکی "هەڵفرین لە ئاتەشگەوە" بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرچاو دەکەوێ. شوێن و ژینگەی رووداوی کارەساتەکە. "کەرکووک"ە کاتەکەش پاش پرۆسەی ئازادییە. بەتەئکیدیش ساڵی پارە.

زمانی دارشتنی چیرۆکەکە گێرانەوەیەکی سەردییە. هیچ ئاڵۆزی و لەنگییەک بەدی ناکرێ. لە دارشتنی وشە و برگە و رستەکاندا. زوو بەزوو ناوەرۆک بەلای خوێنەرەوە جێگیر دەبێ. لەم چیرۆکەدا دەبێ ئاماژە بۆ کارێکی هونەری سەرەنج راکێشەر بدرێ. ئەویش بەیەک بەستنەوە و گرێچنی بەشەکانە. چیرۆکنووس بەشێوەیەکی جوان و پر لە ستاتیک. توانیویەتی هەموو بەشەکانی چیرۆکەکە پێکەوە گرێ دا. واتا "وحدة القصة" ئەم جۆرە سەنعەتەش. لە دارشتنی چیرۆکدا زۆر گرینگ و پێویستە. لەم چیرۆکەدا پاڵەوان پێش مردنی و پاشی تەقینەوەکەش کە دەمرێ. روحی دێتە دووان و ئاخاوتن. جارجارێک بەسەر گۆرەپانی رووداوەکەوە. یان لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا لە گۆرستانەکە. یا لە مەیتخانەی نەخۆشخانەکەدا. یا پاش ئەوەی باڵ دەگرێتەوە بەرەو "ستۆکهۆڵم"

لەم چیرۆکەدا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی هەموو مەرجەکانی دارشتنی چیرۆک بەدی دەکرێ. تەنیا یەک چیرۆکە دوورە لە بیرۆکەی چیرۆکی لەیەکدراو. چیرۆکنووس بە گرێچنییەکی تۆکمە و موحکەم. ئەم دەقە چیرۆکەی دارشتووە.

لە زۆر چمک و بەشەکانی چیرۆکی "هەڵفرین لە ئاتەشگەوە" سەنعەتی فەنتازیا بەدی دەکرێ. لە ئەمرۆی پر لە تازەگەری ئەدەبیدا. بەتایبەت لە چیرۆک و رۆماندا. توخمی فەنتازیا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە لەو دوو بوارەدا. بەتایبەت لەم چیرۆکەدا پاش تەقینەوە دڵتەزێنەکە. "هەڵگورد"ی پڵەوانی چیرۆک. هەموو هەڵسوکەوت و لێدوانێکی دەربارەی "هەتاو و شانتییە"و بەشێوەی خەیاڵبازی و بیرکردنەوەیەکی پر لە فەنتازیا رووداوە خوێناوییەکە دەگێرێتەوە.

ئەم چیرۆکە لە واقعێکی ریالیزمییەوە وەرگیراوە. واتا کەرەستەکانی دارشتنی چیرۆکەکە. لە رووداوێکی حەقیقەتەوە تۆمار کراوە.

ڕووداوەکـەش پێـوەنـدییـەکی ڕاسـتــەوخـۆی هـەیە بە چیـرۆکنووسـەوە. "هـەتاو" خـودی چیرۆکنووسە "هەڵگورد"یش پیاویەتی و "شانتی"یش کچی هەتاوە. واتا چیرۆکنووس وەک سـمبول و ڕەمـز. نازناوی بۆ کارەکتـەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەی بەکارهێناوە. لەبەر ئەوە ناوەرۆکی چیـرۆکـەکـە بەلای خـوێنەرو ڕەخنەگرەوە سـەرەنج ڕاکـێـشــەر دەبێ. لەم چیـرۆکـەدا چەند کـارەکتـەرێکی لاوەکی وەکـو "شـوان و سـەرنووسـەر و کـوێسـتـان"یش هاتوونەتە نێو چیرۆکەکـەوە. ئەم چیرۆکە تەنیا یەک بیرۆکـە و یەک ڕووداوە. هەرچەندی وەسف و وێنـەگـرتنێکی زۆر لە چمکـەکـانی ڕووداوەکـەوە بەدی دەکـرێ. چیـرۆکـەکـە یەک چیرۆکە. دوورە لە شێوازی چیرۆکی لە یەکدراو. لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکەدا. پرسیارێک بەلای خوێنەرەوە سەرهەڵدەدا.

ئایا دەبێ مۆرگی؛ دوو چیرۆکنووس بەم چیرۆکەوە بێ..؟

بۆچی و..؟ چۆن..؟

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لەبرای چیرۆکنووس سەمەد ئەحمەد و شاعیری بە ئەزموون و چیرۆکنووس مەهاباد قەرەداغی دەکەم.



ئەم چیـرۆکـە بەدەسـپـێکی ڕانـاوی تاکـەکـەسـی "من" دەسـت پێ دەکـا. پاڵەوانـی چیـرۆکـەکـەش خـودی چیـرۆکنووسـە. کـە دوور لە نـاو و نازناو بەڕاناو چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. سـەرەتا چیرۆکنووس گوزارش لە خودی منالّیی خۆی دەکا. بە فـلاش باک دەگـەڕێتـەوە بۆ ڕۆژانی مـنالّی و دەڵێ " منالّێکی دوور لە شـەڕو هێمن پارێز بووم بە خۆڵ خۆڵێن و دروسـتکردنی ئاژەڵ لە قـوڕ. ڕۆژگـارەکـانم پێکەوە گـرێ دەدا. زۆر جـار جلەکـانی بەرم قوڕاوی و تۆزاوی دەبوون. لە شـوێنەکەی خۆمـدا خەو هەرەسی بۆ دەهێنام و ئاگام لە خۆ نەدەما. ئەم ڕەوشتانەشم دەبوونە مایەی لێدانم لە ماڵەوە".

بەشـێک لەم پەرەگرافە. کە سـەرەتای دەقە چیرۆکەکەیە. چیرۆکنووس وەک نووسـەرێک و وەک پـاڵەوانی چیـرۆکـەکـە. لـە هـەمـان کـاتیـشـدا وەک گـێـڕەرەوەی چیـرۆکـەکـە. ئـامـاژە بـۆ کـاتی مـنالّی خـۆی دەکـا. پـاڵەوان سـەرەتای ژیـانی منالّی خـۆی دەگـێـڕێتـەوە. هـەمـوو منالّێکیش بیـرەوەرییـەکـانی خـۆی لە تەمـەنی چوار سـاڵییـەوە هەتا دە سـاڵی وەک

شـریتـێکی سـینەمـائی دێتـە بـەرچاوی، لێ دەدا دەتوانین بلـێین چیـرۆکنووس "وەسف"ی ڕەوشـتـەکانی خـودی خـۆی دەکا. لەو چوار پێنج سـاڵەی ژیانیدا. روون و ئاشکراشـە کـە وەسف و وێنەش یەکێکە لەو مەرجانەی کە دەبنە هۆی لە دایکبوونی چیرۆک.

دوا بەدوای قـۆناغی منـاڵی لە هەرەتی لاوێتی و هەرزەکـاریدا پاڵەوان واتـە چیـرۆکنووس ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـا. کـە ڕۆژانی هەرزەکـاری یـان ئەو سـالانەی قـۆناغی هەرزەکـاری، هەرزەکارێکی هێمن و لەسـەرخۆ بووە، بەلام لە منـاڵییـەوە خولیـای پـەروەردەکردنی کۆتر بووە. لە تافی لاوێتیدا جوتێ کۆتری بەخێو کردووە. خەڵکی گەڕەکیش بە "عەبە کۆترباز" بانگیـان کردووە. لێرەدا چیـرۆکنووس دەڵێ گەر بێت و "باز" ببێـتـە پاشگری وشـەگـەلێک وشەی قێزەوونی لێ دروست دەبێ. بەلام لە هەمان کاتیشدا باز کە بریتییە لە سێ پیت و مانای کردەوە و کار دەبەخشێ گەر ببێتە پاشگری وشەگەلێک مانایەکی ئاسایی و دوور لە مانایەکی قێزەوون وەک "کۆترباز، کەوباز، کەڵەشێرباز"

ئەمجارە کاتێک پاڵەوان گەورە دەبێ و جوتێ سمێڵ بەبەر لوتی خـۆیەوە دەبینێ. ڕێزێکی زۆر لە بەسـالاچووان دەگرێ و لێبـوردنێکی زۆریشی دەبێ بـەرامبـەر ئەوانەی کـە لە خـۆی مناڵترن. لە ئەنجامدا وا هەست دەکا کە ئەو ڕێزگرتن و لێبوردنەی ئەو، دەبێتە هۆی ئەوەی کـە ئەو خـەڵکە بە گەورە و بچـووکـەوە، بە چاوێکی سـووکەوە تەمـاشـای بکەن. ڕۆژ بەرۆژ هەست بەکرژبونەوە و خڕبوونەوەی خۆی دەکا تەماشاکە لێرەدا چیرۆکنووس واتا پاڵەوانی چیرۆکەکە دەڵێ:

"هێندە لە بەردەم خەڵکدا خۆم لاداو خۆم گرمۆڵە و بچووک کردەوە. وردە وردە خڕ هەلاتم و بووم بە تـۆپێکی خـڕ. عـەینی وەک تۆپەکـانی دوکـانەکـەی مـامـۆسـتـا سـالار سـەمـینی چیـرۆکنووس" دواجـاریش ئامـاژە بۆ ئـەوە دەکـا کـە بە هیـچ شـێـوەیەک، ناتوانێ لـە مـاڵ دەرچێـتـە دەرەوە. لەبەر ئەوەی ئـەو خـەڵکە بـەچاوێکی نزم و سـووکی پڕ لە تەعنەو تـەشـەرە تەماشای دەکەن.

هەتاکو ئێرە کە دەکاتە نیوەی داڕشـتنی چیرۆکەکە، چیـرۆکنووس واتا پاڵەوان بەڕاناوی تاک سـەرقـاڵی گێڕانەوەی ڕۆژگـاری ڕابوردووی خـۆیەتی. کـە خڕ هەڵهاتووە وەکو تۆپ و تۆپـتـۆپێنی پێ دەکـەن. بە هیچ شـێـوەیەک هەتا تەواوبـوونی نیـوەی چیـرۆکـەکـە مـەرجـە سـەرەکـیـیـەکـانی داڕشـتنی چیـرۆک بـەدی ناکـرێ تـەنیـا ئەوە نەبێ پاڵەوان ئامـاژە بۆ وێنـەگـەلێک دەکـا. دەربارەی قـۆناغی مناڵی و هەرزەکـاری خـۆی. دەتوانم ئەوە بلـێم

چیرۆکنووس هەتاکو ئێرە، لە ژێر کاریگەریی یاداشتنامەو بیرەوەریدا پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەدوێنێ. کە خودی خۆیەتی.

پاڵەوان بەڕاناوی "من"ی تاکە کەسەوە بەردەوامە و دەدوێ دەڵێ:

"لەو رۆژەوە کە نازناوی خڕەیان بەسەرما چەسپاندووە، خێزانەکەشم بە چاوێکی سووکەوە تەماشام دەکا. ئەو رۆژە لە خۆرەتاوەکە دانشتبووم، بەدەنگێکی بەرز لە موبەقەکەوە هاواری کرد، "خڕە دۆڵەکەیە ئاووم بۆ بێنە" زۆری پێ نەچوو جارێکی تر هاواری کرد، "تۆپە گیان بچۆ جلەکان لەسەربان بێنە خوارەوە" پاش ماوەیەکی کەم وتی "تۆپە وەرە نانەکەت بخۆ" هەرچەندێ خانم لە ژیانیدا نە تۆپتۆپێنی کردووە و نە هیچ زانیارییەکی هەیە دەربارەی وەرزش، هەموو عەسرانێک خۆی و هەردوو کچەکەی و دەستە خوشکەکانی تۆپتۆپێنم پێ دەکەن. ئێستا وام لێ هاتووە لە دائیرەش، بەڕێوەبەر و فەرمانبەران بە کەیفی خۆیان تۆپتۆپێنم پێ دەکەن. زۆر جاریش لە کۆڵانەکانی شاردا مناڵە سەقەت و سوقەت و کەم ئەندامەکان سەرقاڵی تۆپتۆپێنن لەگەڵ منی تۆپدا. لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە لەم دنیایەدا کەس نەبێ بە تۆپ، ئەو کەسەی بوو بە تۆپ هەرکەسێ هەڵسێ تێی هەڵدەدا..."

پاش ئەوەی پاڵەوان لە وێنەگرتن و وەسفکردنی قۆناغەکانی مناڵی و هەرزەکاری خۆی دەبێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی سەرنج راکێشەر لەو چەند دێڕەی سەرەوەی نێوان ئەو دوو کەوانەدا وردبیتەوە، هەست دەکەی پاڵەوان گلەیی و گازندە، لە بەختی خۆی دەکا. بەڵام چیرۆکنووس مەبەستی ئەو خەڵکەیە کە لە رۆژێکی قێزەوەنی وەک ئەمڕۆدا دەژین، ئەم جۆرە بیرکردنەوەش تەنیا لای نووسەرێکی خاوەن مەبدەئێک و پرەنسیپێکی پڕ لە بڕوادا لە دایک دەبێ

**ئەم چیرۆکە سەرەتا بەیاداشتنامە و بیرەوەری کۆتاییش بە گازندە و گلەیی کۆتایی دێ**

**شوێنیش فاکتەر و مەرجێکی سەرەکییە لە بنیاتنانی چیرۆکدا**

**چیرۆکنووس ئاماژە بۆ وێنەگەلێکی راستی دەکا، کە لەم وێڵستانەدا وێڵە**

و هاوار دەکا مەبن بە تۆپی تێهەڵدان.

لە تەوەرێکی تری چیرۆکی منم مـامـە خـڕەدا. بە تایبـەتی لە کـۆتایی چیـرۆکـەکـەدا، گۆڕانکارییـەک بەدی دەکرێ لە کاتی لێدوان و ئاخاوتنی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا. تەماشاکە لێرەدا دەڵێ:

"ئێستـا نازانم پەنا بەرمـە کوێ.. ؟ هەتا بمێنم مـامـە خـڕەم هەمووی سـوچی خـۆم بوو. گرینگ ئەوەیە نەبی بە مامە خڕە. کە بووی بە مامە خڕە کەس رەحمت پێ ناکا."

لێـرەدا گـەر بێت و بـەراوردێکی نێـوان سـەرەتای ئەم چیـرۆکە و کـۆتاییـیەکـەی بکەین. هەست بە جیـاوازییـەکی زۆر دەکـەین لە تەکنیک و شـێـوازی ناوەرۆکـدا. دەتوانم بڵـێم پاڵەوانی چیرۆک کە خودی چیرۆکنووسە لە سەرەتاوە هەتا سێ بەشی چیرۆکەکەی. باس لـە رۆژانی رابـوردووی منـاڵی و هـەرزەکـاری خـۆی دەکـا. زۆرتریش هەوڵی داوە باسی خـوورەوشـتی ئەوکـاتەی خـۆی بکا. بەڵام لە کـۆتایی چیـرۆکەکـەدا هەست دەکـەی پاڵەوان رێبـازی گـازندە و گلەیی و هەرەس هێنان دەگـرێتـەبەر. بەگـشـتی ئەم چیـرۆکـە سـەرەتا بەیاداشتنامە و بیرەوەری کۆتاییش بە گازندە و گلەیی کۆتایی دێ.

## منم مامە خڕە و مەرجەکانی داڕشتن

چیـرۆکی "منم مـامە خـڕە"ی چیرۆکنووس بەکر دەروێش بریتییـە لە سێ لاپەڕە کە بکاتە شـەسـت دێڕ. کۆ وشـەکانی دێڕەکـانیش. دەکـاتە شـەشـسـەت هەتا هـەشـسـەت وشـە. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ "شـوێن" نەکردووە. بەڵام گەر بەوردی چیـرۆکـەکە بخـوێنیتـەوە. لە کەش و هەوای چیـرۆکەکە و شـێـواز و سـتـایلی گـێڕانەوەی پاڵەوان. ئەوەت بەلاوە گلاڵە و بەرجەستە دەبێ.

کـە شـوێن و ژینگەی ژیانی رۆژانـەی چیرۆکنووس. کە خـودی پاڵەوانـە. وەک شـوێـنێکی شـاراوە دەبێتـە شـوێن بۆ لە دایکبـوونی چیـرۆکی مـنم مـامـە خـڕە. شـوێنیش فـاکـتـەر و مەرجێکی سەرەکییە لە بنیاتنانی چیرۆکدا.

دەربارەی "کات"یش لەم چیرۆکەدا. خوێنەر دووچاری بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەبێ. لەبەر ئەوەی چیـرۆکنووس ئامـاژە بۆ کـاتی رۆژ و مـانـگ و سـاڵ و وەرزی ئەو رۆژانە نـاکـا. کـە خڕبووەتەوە و هەرکەسێ وەک تۆپ تێی هـەڵدەدا. واتا کـاتی لە دایکبـونی چیرۆکەکە بەدی ناکرێ. لێرەشـدا توخـمی کـات هـەر وەکـو شـوێن. لە سیـاقی خـوێندنـەوەو کـەش و هـەوای چیرۆکەکـە. ئاشکرا دەبێ. لێرەدا خـوێنەر وا هـەست دەکا چیـرۆکنووس باس لە دوو کـات

دەکا. یەکەمیان دوورنییە باس لە کاتی ڕۆژە ڕەشە پڕ لە خوێنەکانی پێش پرۆسەی ئازادی یا ئەو ڕۆژە سەقەتە پڕ لە گەندەڵی و خزمایەتی و تیرەبازی و ئیقلیمچێتییەی پاش پرۆسەی ئازادی بکا کە هەموو ناوچەکانی ناوە لە ژێر، واتا لێرەدا دەتوانین بڵێین هەر وەک شوێن کاتێکی شاراوەش بەدی دەکرێ لەم چیرۆکەدا.

لە چیرۆکی منم مامە خرەدا "گێڕانەوە و زمانی گێڕانەوە" سەرەنجی خوێنەر رادەکێشێ. ئەم دوو فاکتەرەش دوو مەرجی پێویستن لە داڕشتنی چیرۆکدا. دەتوانم بڵێم دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ تەکاملبوونی چیرۆک. چیرۆکنووس بە زمانێکی سەلس و دوور لە ئاڵۆزی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. خوێنەریش لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەیدا ناوەرۆکی بەلاوە گەلاڵە دەبێ. لەم چیرۆکەدا پاش شێواز و ستایلی گێڕانەوە و زمانەوانی. هەر وەکو لە سەرەتای چیرۆکەکەوە ئاماژەم بۆ کرد. دەسپێکی چیرۆکەکە کە بەراناوی "من"ی تاکەکەسەوە دەست پێ دەکا و دەدوێ بێ ئەوەی ناوێک یا نازناوێک هەڵبژێرێ. دایکی "تریفە"یش کارەکتەری دووهەمە کە خێزانی پاڵەوانە لە چیرۆکەکەدا. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم. نەفەس کورتی چیرۆکەکە و تەسکی پانتایی دەقەکە. نووسەر تەنیا دوو کارەکتەری بەکار هێناوە. پاڵەوان و تریفەی خێزانی پاڵەوان. لەبەر ئەوەی ئەم چیرۆکە ئەگەر چیرۆکێکی زۆر کورتیش نەبێ. لەوەیە جێگای خۆی بکاتەوە لە خانەی کورتە چیرۆکدا.

گەر بێتو بەوردی لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی هەوڵی شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکە بدەین لە بواری تەکنیک و مەرجەکانی داڕشتندا. بێ هیچ ئاڵۆزییەک ناوەرۆکیش بەلای خوێنەرە هەزم دەبێ.

لەم چیرۆکەدا ناڵێم چیرۆکنووس. دووچاری ژێرخێوەتی رەشبینی بووە. بە دەستی ئەو رۆژگارە سەخت و سەقەتانەوە هەرەسی هێناوە. یان تووشی نوچدان و گرنۆش بووە. لە ڕاستیدا چیرۆکنووس ئاماژە بۆ وێنەگەلێکی ڕاستی دەکا. کە لەم وێڵستانەدا وێڵە. بەتایبەت ئەو کاتەی کە ئاماژە دەکاو دەڵێ "وا خرببوومەتەوە وەک تۆپێک لە تۆپەکانی دوکانەکەی مامۆستا سالار سەمینی چیرۆکنووس. هەر یەکێ دێو تێم هەڵدەدا. یان دەڵێ لەو ڕۆژەوە کە خۆم زۆر بەبچووک زانی خێزانەکەشم ڕێزم لێ ناگرێ."

ئەم چیرۆکە هەرچەندێکیش. لەسەر شێوازی یاداشتنامەیەک داڕێژراوە. لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ بیرەوەرییەکانی خودی پاڵەوان کە چیرۆکنووس خۆیەتی. زۆر بەشێوەیەکی وەستایانە و پڕ لە ئەزموون مەرجی "گرێچنی" بەکار هێناوە لە داڕشتنی

چیرۆکەکەدا. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پاڵەوان پەشیمانی بەدەست دێنێ و دەڵێ "لە ئەوەڵ ڕۆژەوە دەبووایە خۆم بە بچووک نەزانیبایە. تازە کار لەکار ترازاو هیچم پێ ناکرێ. گرینگ ئەوەیە کەس لە ئەوەڵ ڕۆژی ژیانیەوە نەیەڵێ ببێ بە مامە خڕە"

وەک ناوەڕۆک چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ئاماژە بۆ ئەو حیقبە زەمەنییە دەکا. کە تێیدا دەژی. وەک سمبولێک و جەڤەنگێک خۆی دەشوبهێنێ بە تۆپێکی خڕو هەموو کەسێ تێی هەڵدەدا. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا هەموو دەرگا و دەروازەکان بە ڕووی ئینسانی چاک و خاوەن بڕواو برەنسیپێکی پڕ لە حەقیقەتدا داخراوە.. دەسنیشانی ئەو ڕۆژگارە قێزەوونە دەکا. کە ڕاستی بە هیچ شێوەیەک وجودی نییە. سەرکەوتن و تۆکمەیی چیرۆکەکە لەوەدایە. پاڵەوانەکەی چیرۆکەکە کەسایەتی خۆیەتی. بەتەوژمی هۆشی واتا "تیار الوعی" و بە فلاش باگ چەند جارێک دەگەڕێتەوە بۆ کاتی منالّی و هەرزەکاری. ئەم جۆرە تەکنیکەش لە ئەمڕۆی پڕ لە تازەگەریداو لە داڕشتنی دەقی ئەمڕۆدا. زۆرتر بەکار دەهێنرێ. گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ چیرۆکی دەیەکانی ساڵانی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا. دیالۆگ حیوار. واتا دەمەتەقێ و وەڵام و پرسیار. لە چیرۆکی دوێنێ و ئەمڕۆدا. لە داڕشتنی چیرۆکدا بەدی دەکرێ. لەم چیرۆکەدا عەبە کۆترباز واتا مامە خڕەی پاڵەوانی چیرۆکەکە. لەگەڵ "تریفە"ی خێزانیدا چەند دیالۆگێ دەکەوێتە نێوانیانەوە.

* ئا خڕە دۆڵکەیەک ئاو بێنە بۆ نێو ئاشەکە..؟

– زووبەزوو ئاوەکەم بۆ هێنا.

– دایکی تریفە چیت لێ ناوە..؟

تەماشاکە لە ڕستەیەکی تردا دەڵێ:

– تۆپە گیان بچۆ جلەکان لەسەربان بێنە خوارەوە.

– خانم زانیویەتی بوومە بەتۆپ دەبێ لەمەولا چی بکەم..؟

یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

– تۆپە گیان وەرە نانەکەت بخۆ.

لەم چیرۆکەدا هەرچەندێ سمبول و لوغزی ئاشکرا بەدی ناکرێ. بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم. زۆربەی زۆری ئەو وتانەی پاڵەوانی چیرۆکەکە. پاش بەرجەستەبوونی ناوەڕۆک بەلای خوێنەرەوە. دەچنە خانەی سمبول و ڕەمزەوە. زۆر جاریش سمبول دەبێتە هۆی تۆکمەبوونی دەق و بیرکردنەوەی خوێنەر.